# نامەیەك بۆ رۆژنامەنووسانی كوردستان

پەیامنێر ( سابیر مورتكەیی)

نزیكەی (٨)ساڵ و نیو زیاترە پەیامنێری رۆژنامەی برایەتیو ئێستاش رۆژنامەی خەباتم،دیارە بەرێزیشتان دەزانن كاك شێرزاد بەرپرسی فایلی هەواڵی ناوخۆمان بوو، بە مانایەكی تر بەرپرسی گشت پەیامنێرەكان بوو بە منیشەوە، دیارە لە سەردەمی بەعسیش هەر ئەو ئیشەی كردووەو تەنها ئەوەندەی زیاتر بووە رۆژانە بە بەژن و باڵای سەدام و بەعس و دەستكەوتەكانی بەعسی هەڵدەگوت، ئێستا رێگەی پێ نادرێ مەدحی كاك مەسعود بارزانی بكات ، ئەگینا ئێستا بە هەمان كلێشەكەی جاران ! بەڵام لەجیاتی ئەوەی بڵێت سەرۆكی خۆشەویستمان سەدام حوسێن خوا بیپارێزێت ! دەڵێت سەرۆكی خۆشەویستمان كاك مەسعود بارزانی خوا تەمەنی درێژ بكات ، بەڵام باش بوو ئەو رێگەیەیان لێ گرت و بۆی نیە باسی بارزانی بكات ، ئەگینا تا ئێستا ٣تا ٤ كتێبی لەسەر بارزانی نەمرو ئیدریسی هەمیشە زیندوو كاك مەسعود بارزانی دادەنا!! وەك بڵێی ژیانی هەمیشە لەگەڵ ئەوان بوویێت !! شێرزاد كەمتەرخەمی نەكرد بە پەلە پرووزێ كتێبێكی زۆر سەقەتی لەسەر ئیدریسی جوانە مەرگ نووسی ، بەڵام كاك نێچیرڤان بارزانی ئینزارێكی سوور سووری بۆنارد ، ئیتر سۆراخی كتێبەكە ئێستاوئێستاش بێ خاوەن مایەوەو كتێبەكە چاپ نەكرا.

ئیتر شێرزادبە درێژایی تەمەنی رۆژنامەنووسیی، تەنها كاری هەواڵی ناوخۆی وەرگرتووە، دیارە بەرێزیشتان دەزانن لەبەرچی شێرزاد هیچ فایلێكی دیكە، جگە لە هەواڵی ناوخۆ وەرناگرێت، هەواڵیش چ هەواڵێك، نەك ئەو هەواڵانەی ویژدانی مرۆڤ دێننە قسە، بەڵكو هەڵبەستنی هەواڵی پڕ لە دەستكەوت بۆ بەرپرسان،ئەمەوای كردبوو نەژاد بەتەواوی لەو هەواڵە بەستراوانە بێزار ببێت و تا وایلێهات شێرزاد لە رۆژنامەی خەبات دوور خرایەوەو حەواڵەی گۆڤاری گوڵانیان كرد.

بەرێزان هەوڵدەدەم بەر لەوەی كاك (عومەر فارس ) ی بەرپرسی كوردستان نێت سەفەر بكات و پشووی سایتی كوردستان نێت دەست پێ بكات ، بە كورتی باسی ئەو فایلەتان بۆ دەكەم كە شێرزاد بەناوی خەمی خەڵك لە گوڵان كردوویەتیەوە .